# بوون و مردن دوو چەمكی دژ لە نێوان فەلسەفەی ئایدیالیزم و ماتریالیزمدا

سمكۆ محەمەد

(٣ - ٣)

**پرسیارەكانی بەردەم مردن**

پرسیارگەلێک کە ئایا ئینسان بۆچی هاتووە و بۆ چی لەم دنیا واقیعییەوە بۆ فەنا و شوێنێکی نادیار دەڕوات، هەروەک ئەوەی عومەر خەیامی شاعیر دەڵێ، لەوەتەی دنیا هەیە و بەشەر هەیە ئەم پرسیارە فەلسەفییە لەچوارچێوەی یاسای سروشت بەپێی میتودی ماتریالی، هەروەها کاری خودایە بەپێی ئایدیالیستی پرسیارێکی بێ وەڵامە، کەواتە ئەی بۆچی هاتین و بۆچی دەڕۆین و بۆ کوێ دەچین و کێ دەمانباتەوە و بۆچی ئەو بڕیارە لەسەر دواچارەنووسی ئینسان و زیندەوەرەکان دەدرێت و فەلسەفەکەی لەکوێدایە؟ نەک هەر وەڵامێکی قەناعەت پێکراوی نییە، بەڵکو ئەگەر لە فەلسەفە بچێتە دەرەوە مانایەکی نییە.

ئایا ئەوە ڕاستە گەوهەری ئەم دنیا پان و بەرین و پڕ لە نهێنییە مەرگ و وێرانەیە، تاکو پەلە لە ژیان بکەین بۆ چێژ وەرگرتن، ئەمە پرسیارێکە جەوهەری ئەو دوالیزمی بوون و نەبوون و ژیان مەرگە ئاشکرا دەکات، بەو مانایەی ئەم پرسیارانە جۆرێک لە هیچگەرایی لەزەینی ئینسان دروست کردووە، مادام دەمرێت، کەواتە ژیان چییە و بۆچی یاخی نەبین، یان بەپێچەوانەوە بۆچی ملکەچی یاساکانی سروشت و ئەو ئایدیایە نەبین کە زیندوو دەبینەوە، یان ئەوەی چ پێویست دەکا بەو هەموو پێداویستیانەی ژیانەوە سەرقاڵ بین کە هەموو ئەو بیرۆکانە لۆژیکین.

هەڵبەت ئەم پرسیارگەلە لە فەلسەفەشدا کارێکی کردووە کە بێ هوودەیی و بێ هیوایی لەزەینی ئینسان دروست بکات، تینوێتی دروست مانای ئەوەیە کە دەرکەوتەیەک هەیە بۆ هەموو بەشەر و زیندەوەر و درەخت

و... تاد، هەروەها ژانی جەستەی ئینسان، یەکێکە لەو دیاردانەی کە هێزێکی نێگەتیڤ بەرێوەیە بۆ تێکچوون و سڕینەوە و نەهێشتنی ڕوح لە جەستە، بەڵام ڕوح هیچ تینوێتی و برسێتی نییە و ژانێکی پێوە نەلکاوە، هەر ئەمەشە فەلسەفە ڕوحی لە جەستە جوداکردۆتەوە و بەفیزیک و میتافیزیک پێناسەکراون، بۆ نموونە بەپێی فەلسەفە بێت ڕوح لەجەستە جیاوازە، هەر ئەمەشە کە مردنی فەلسەفی شێوەیەک لەهەست کردن بەمردنە وەختێک ئینسان تووشی ترس دەبێت، " کێشەی مردن وابەستەی پرسێکی گرینگە کە دەڵێ : چۆن مرۆڤ دەتوانێ وەک گشتێک پەی بەبوونی مرۆییدا ببات؟ ئەگەر سروشتی بوونی مرۆیی بریتی بێت لەوەی لەبوونی ئێستایی دەربچێت بەرەو بوونێکی تازە، بەشێوەیەک لە ساتێکدا ناتەواو بێت و لە ڕێگەدابێت بەرەو بوونێکی تازەی ئەگەرانە، ئایا لەم دۆخەدا ناکرێت لە کۆی گشتیدا ببینن؟ ئەی ڕێگەی تێناچێ مردن ئەو شتە بێت کە ڕێگەمان پێدەدات بوونی مرۆیی وەک گشتێک ببینین، چونکە سنوورێک بۆ بوونی دادەنێت؟، بوونی مرۆیی بە مردن کۆتایی دێت، بەشێوەیەک پاش ئەوە چیتر هەبوونی نییە". (١)

ئەو ترسەی کە لەدەرەوەی جەنگە، یان لە مردنەوە نزیک نییە، جگە لەوانەش خەو و هەڵسانەوە و خەون بینین کە کردەیەکە لەدەرەوەی ئیرادەی ئینسان، بەشێکە لەو دیمەنانەی کە بینراوە، یان نەبینراوە و دەبێ ڕۆژێک وەک یادەوەری بۆ ئەوانی تر بەجێ بمێنێ، بەڵام هێشتا نە فەلسەفە کە بەرئەنجامی بیرکردنەوەی ئینسانە، نە ئایین کە دیسان بەشێکە لە بیرکردنەوەی ئینسان، نەیانتوانیوە وەڵامێکی قەناعەت پێهێنەر بدەنەوە بە ئینسان، بەو پرسیارەی کە بۆ هاتین و بۆ دەڕۆین لەم جیهانە خۆشەی کە خودی ئینسان بەشێوەیەکی کاتی خۆشی کردووە و هەر خۆشی بەدەستی ئەنقەست ناخۆشی دەکات، مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی بە دێڕە شیعرێک باس لە مردن و پاش مردن دەکات " (هیچ مرده نیست حسرت ز مرگ _ حسرتش انست کش کم بود برگ)، بۆیە لێرەوە وێڕای باوەڕبوونی بە جیاوازی جۆرەکانی مرۆڤ لەبەرانبەر مردندا، بەڵام ئەو باوەڕی وایە هەموو مرۆڤەکان بەجیاوازی جۆرەکانیانەوە کە دەمرن، حەسرەتیان بۆ خودی مردن نییە لەخۆیدا، بەڵکو ئەوەیە کە توێشوو و



**جەلالەددینی ڕۆمی**

ئامادەکاری بۆ ئەو ژیانەی وەک پێویست نەبووە، وەگەرنا مرۆڤ لە چاڵێکەوە بخرێتە دەشتێکی فراوان کە خۆشگوزەرانی تێدابێت حەسرەت ناکێشێ" (٢)، بەڵام ئەمە لە ئاستی تاکدا ڕۆمی قسەی لەو حەسرەتە کردووە کە چۆن خۆی ئامادە نەکردووە، یان ئەو جۆرە مردنانەیە کە بەتەنیا دەمرن و ڕەنگە مەبەستی تریش بێت وەک حاڵەتێک، یان بەرپرسیارێتی پاش مردن، یان ترسان لە لێپرسینەوە و... تاد، بۆیە بۆ عارفەکان ئەمەی گوتووە وەک پرسێک لە ژیانەوە بۆ مردنێک کە پاداشتێکی بۆ شێوەی ژیان هەیە، ئەمما ئەگەر باس لە جۆرەکانی دیکەی مردن بکەین کە نە ترساون و نە خۆیان ئامادەکردووە و نە عاشقی مردن بوون بۆ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بن لە چاڵێکەوە بەرەو ژیانێکی تاهەتایی، بەپێچەوانەوە هیچ خۆیان بۆ ئامادە نەکردووە، یان بیریان لەو ساتەوەختە نەکردۆتەوە دەمرن، یان ئەسڵەن چاوەڕێیان نەکردووە و ڕەنگە بیریان بۆ ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی بووبێت و پێچەوانەکەی ڕووی داوە کە بەکۆمەڵ مردوون، نموونەش جەنگە کە بۆتە مایەی مەرگێکی بەکۆمەڵ کە لە دەرەوەی بڕیارە سروشتییەکە، ئینسانگەلێک بەدەستی، یان بەبڕیاری ئینسانگەلێکی تر دەمرن، یان لەبرسان دەیانکوژن، یان تۆڵەی مەرگی ئەوانی تر دەکەنەوە یان... تاد.

لەدایک بوون ئامانجێکی لە پشتەوەیە بۆ بەردەوامی و چێژێکە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەئاژەڵیشەوە. ئەی مردن چ ئامانجێکی لەپشتەوەیە و سوودەکەی بۆ کێیە و کێ چێژی لێ دەبینێ و بۆچی وەکی هاتن کە لەدایک بوونە فیستیڤاڵی بۆ ڕێکدەخرێت، ئاوهاش مردن ئاهەنگی بۆ ناگێڕدرێت؟ ئەمە ئەو پرسیارە فەلسەفی و کۆنکرێتیانەیە کە زمان تووشی (عجز) بەمانای بێ دەسەڵاتی، یان کەم دەسەڵاتی دەبێت لەبەرانبەریان کە پێشتر فەلسەفە ورووژاندوویەتی، بەڵام وەڵامی یەکلاکەرەوەی نەبووە جگە لە ئاشکرا کردنێک وەک گلەیی بەرانبەر بەنەزانی ئینسان، یان خراپ حاڵی بوونی ئینسان لەبەرانبەر ئەو کردەوانەی دەیکات وەک ئەوەی بمێنێت تاهەتایە، یان ئەو پرسیارەی لەخودا دەکرێت، بۆچی ئینسان دەمرێت و ئایین لەجیاتی خوا وەڵامی داوەتەوە، یان کردەیەکی غەریزیانەیە بۆ دووبارەبوونەوەی خود لە بوونەوەرێکی دیکەدا کە ئەمە لەلای ئینسانی خاکی کەمترە لەوەی لەلای خاوەندار و ستەمکارەکان زیاتر کە لاساییکردنەوەی خوداوەندەکانی مێژوون، هەروەک خوداوەندەکانی ڕۆما و یۆنان و میسر، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئینسان لە ڕێگەی زانستەوە بەزۆر شت ئاشنا بووە، یان زۆر شتی بۆ ڕوون بۆتەوە لە ڕووی زانستییەوە، یان واقعییەوە، ئەو وەڵامەی بەلاوە تا ئەو شوێنە قبووڵ کردووە کە دەڵێ ژیان مادام سەرەتای هەیە، کەواتە هەر دەبێ کۆتاییشی هەبێت و تەواوبێت، بەڵام فەلسەفەکە هیچ وەڵامێکی پێ نییە ئەگەر لە ڕێگەی ئایین، یان زانستیشەوە بێت.

(جان کۆکتۆ) هەم بیرمەند و هەم شاعیرێکی ئەمریکییە دەڵێ " من هەمیشە لە ڕێگەی ئاوێنەوە چاودێری مردن دەکەم و ئەویش کاری خۆی جێبەجێ دەکات" ئەم ڕستە شیعرییە تەنیا یەک مانای نییە، بەڵکو مانایەکی فەلسەفی فرەڕەهەندی هەیە کە ئینسان خۆی لەنێو ئاوێنەدا دەبینێ، لەوێوە تێدەگات کە هەر وەختێک کاتی هات دەمرێ، کەسێکی تر کە تاوانی کردووە و لە ئاوێنەدا لێپێچینەوە لە ویژدانی خۆی دەکات لە تەنیاییدا و مردن لەوێدا کاری خۆی دەکات، ئاوێنە یەکێکە لە هۆکارەکانی کوشتنی ئینسان بەبێ ئەوەی جەستە لەکار بکەوێ". (٣)

ئەگەری ئەوەی کە لە ئەفسانەی فاوستی گووتێ دا هاتووە، دوای ئەوەی فاوست دەچێتە جیهانێکی بەرین و گەشتێکی جیهانی، بەڵام ئەمە تێکستە و وەک ئەفسانەیەکی خوڵقێنەر مامەڵەی لەتەک کارەکتەری بێ تاوان کردووە، دەڵێ" فاوست پەیمانێک لەگەڵ (میفیستۆ فلیس) دا دەبەستێت کە ڕاستییەکەی گرەوەکە نهێنییە، دواتر لەلایەن ئیبلیسەوە دەبێتە فاوستی ڕوح و دەروون و خۆی تەسلیم بەخواست و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات و دواتر پەشیمان دەبێتەوە، پەیمان بەستن و دانانی پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کریشن و دواتر منداڵیان دەبێت، بەڵام دواجار دەیکوژن، فاوست هەمیشە لە گفتۆگۆدایە و بە میفیستۆفلیس دەڵێ (دەمەوێ ببم بە سوڵتان خۆشی ببینم، چونکە هەرشتێک بە کردار نەبوو، تەنیا بۆ ناسین و ناوبانگ بوو، هیچ نییە)، ئەویش دەڵێ: بەڵام خۆ شاعیرەکان بۆ نەوەکانیان دەگێڕنەوە کەسێک هەبووە بێ عەقڵی کردووە، دەڵێ ئاخر ئێوە بەم قسانە هیچ شتێک بە ئینسان نادەن، کەچی لە بەشێکی تردا فاوست دەچێتە جیهانێکی ترەوە کە جیهانی گەشتێکی بە خواوەندەکان و جیهانی مەزن و سەدان کۆشکی ئیمپراتۆرەکانی لێیە، ئەمە بۆ فاوست دەبێتە دوا مەنزڵگە و لەوێ پیر دەبێت و دەمرێت، ئیدی پۆلە مەلەکان ڕوحی فاوست بۆ جیهانی فریشتەکان دەبەن". (٤)

ئەمە کە فاوست لەسەر وەختی خۆیدا دوکیۆمێنتی کردووە کە ژیان لەلای ئینسان خۆشتر و جوانتر بوو، هەوڵێک بوو بۆ خۆ دەربازکردن لە کۆیلەیەتی خواوەندەکان کە شوێنێکیان وەک تەواوی دنیا وێنا کردبوو و هەموو ڕووبەری دنیایان لەو ڕووبەر و فەزایەدا کۆکردبۆوە کە خۆیان وەک خودای خاوەن ژیان و مردن دانا بوو، بۆیە فاوست بەناچاری پەنا بۆ وەهمێک دەبات تاکو ڕوحی بۆ شوێنێکی دیکە ببات و لەوێ شاد بێت.

## یادەوەری و مردن

یادەوەری ئەو بەشە ڕابوردووەی ژیانە بۆ تاک کە جارێکی دیکە ئاسان نییە هەم زەمەنەکەی مردووە و هەم چیرۆکەکەی ون بووە و نائامادەیە و مومکین نییە بۆ واقیعێک بگەڕێتەوە کە ئینسانگەلێک وەک وەهم چاوەڕوانی دەکەن، بۆیە تەنیا وەک ئەڵقەیەکی ونبووی نێوان کارەکتەرە چالاک و ناچالاکەکان لەکاتێکی دیکەدا

زیندوو دەکرێتەوە و دەنرخێنرێت، هەروەها بەشێکە لە ڕاستکردنەوەی مێژوو کە هەندێک جار لەدوای مەرگ چیرۆکەکان فەزایەکی دیکە بەخۆیانەوە دەبینن کە ڕاستگۆیی تێدا نییە.

نرخاندنی یادەوەری تەنیا لەوێدا نییە کە ڕابوردووە لەڕووی کات و شوێنەوە دەبێتە ڕووبەڕووی زیندووکردنەوەی ژیانێک لە ڕابوردوودا بۆ ئێستا، بەڵکو لەوێدایە کە بەشێکە لە زەمەنێکی مردوو و چیرۆکێکی هەمیشە زیندوو، خۆ ئەگەر کەسێک، یان کارەکتەرێکی چالاکی نێو زەمەن و چیرۆکی یادەوەرییەکە مردبێت، بەهای ئەو یادەوەرییە هێندەی تر زیاتر دەبێت، بۆ نموونە من لەپاریس بووم، وەختێک بوو کە زۆربەی ئەو کەسانەی پێکەوە سەفەرمان کرد، پێکەوە ئەو زەمەن و چیرۆکانەمان تۆمارکرد کە کەس بەو ئومێدەوە نەهاتبوو یادەوەری ئەوی تر بخوێنێتەوە، بەڵام چەند کەسێک لەو هاوڕێیانەم کۆچیان کرد، دنیایەک یادەوەری بۆ ئێمە بەجێ ما و ئێمە ناچاربووین وەک چیرۆکی تراژید-کۆمێدی بۆ ئەوانی تر بیگێڕینەوە کە نرخی لە نێو ئەدەب و ڕۆشنبیریدا نەبێت لەهیچ شوێنێکی دیکەدا نییە، محەمەد موکری ڕۆماننووس بەنموونە کە بەشێکە لەو یادەوەرییەی من لەگەڵ ئەو هەمە و ناتوانم بیگێڕمەوە، هەڵبەت ئەویش وەک خۆی گوتی نەیتوانیوە بەشێک لە یادەوەرییەکانی بگێڕێتەوە کە لەژیانی ئەودا هەن و تەوزیفی نەکردوون، یان کەسێکی وەک ئازاد سوبحی کە نەک هەر وەک کەسی ئاسایی نەمرد، بەڵکو ئەو پێش ئەوەی مردن بێت، بانگی مردنی دەکرد و ناچاری دەکردین بینووسینەوە، هەروەها ژنە یاخییە تاقانەکەی کورد ئەحلام مەنسوور کە هەموو ژیانی یادەوەری بوو بەر لەوەی بمرێت خۆی ئامادە کرد و یادەوەرییەکانی بەبێ ترس نووسییەوە چەندان کەسی تر کە ناتوانین ناوی هەموویان ڕیزبەند بکەین، هەروەها ئەو یادەوەرییانەی دیکە کە ڕەنگە سیناریۆی دیکەیان بۆ دارێژرابێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی وەڵامیان نییە.

دار و بەرد و ئاو و فەزای دیاریکراو لەشوێنکاتدا بۆ زیندووەکان، هەروەها بەسیمبۆل کردنی دار و درەخت لەو سروشتەی کە بۆتە بەشێک لە یادەوەری ئینسان، تەنیا ناوونیشانی موقەدەس نییە لەزەینی ئینساندا کە ڕابوردووەکان تۆماریان کردووە، بەڵکو ئەمە بەشێکە لە زیندووکردنەوەیەک کە مانای ڕەها بەنهێنی مردن دەدەن، "هەر درەختێک بەشێکە لەو بوونەی کە هەیەتی ڕوانینی ئەو مرۆڤە وەک میوە و ئەوی دیکەیان وەک سووتەمەنی، لەوە کەم ناکاتەوە کە هەر درەختە کەسێک بە بڕوای خۆی دەڕوانێتە درەختەکە وەک سووتەمەنی ئەوی تر لەسەر زەوی بە ڕەگو بەر و میوەوە دەڕوانێتە بەرەکەی، بەڵام بوونی ئەو تەنیا بوونی درەختی خۆیەتی، لەم سەرچاوەیەوە دەتوانین بڵێین کە عەقڵی داهێنانی مرۆڤ بۆ هەر شێوەیەک دەڕوانێتە درەخت، چ وەک دیمەنێک بۆ جوانی، یان بۆ سێبەر، یان دەرمانێک بۆ نەخۆشی، یان کورسییەک بۆ پاشایەک، یان تەختەیەک بۆ داپۆشینی مردوویەک، یان پارچەیەک لە پردێک بۆ پەڕینەوە، ئەو تەنیا بوونێکە لەژیاندا بە زەوییەوە، تەنیا بوونی درەختە، بەڵام لە مردنیدا چەند بوونێکی لێ دەبێتەوە، ناتوانین نکوڵی بکەین کە مردوویەتی ئەو لە دیاردەکانی تردا مردنێکە لە ڕوانینی بەکارهێنەرەکان و زیندوێتیدا، کەواتە درەخت شتێکە". (٥). ئەو حاڵەتەی کە درەخت دەکات بە یادێک بۆ زیندووکردنەوە وەک پێویستی، یان وەک سێبەر، یان وەک کورسی، لەو حاڵەتە بەدەر نییە کە دەکرێت بە زیندووکەرەوەی مردن بۆ ژیان، یان ئومێد بەخشین بەژیان، دەیان نموونەی لەو بابەتە لە کوردستان لە ناوچەی ئاغجەلەری سەر بەشاری کەرکووک، هەروەها لە بابەگوڕگوڕ هەیە کە ئیدیۆمێک لە شکڵی شیعر هەیە ژنان دەیڵێن و (بابەگوڕگوڕ بەگوڕ هاتم ئەم جارەیان بۆ کوڕ هاتم) و لە داوداوای نزیک شاری کۆیە هەمان مەزار هەیە کە مێژووی هەیە، لە هەورامان و لە شارباژێڕ و لە مێرگەسوور و ناوچەی بادینانیش هەیە، لە شوێنانی دیکەش هەیە کە بۆتە مەزار و خەڵک بۆ بەردەوامی ژیان و دەرمان و چاکبوونەوە لە نەخۆشی و ئومێد گەڕانەوە و مانەوەی منداڵ لە ژیان و لەدایک بوون و... تاد، مرۆڤ پەنای بۆ دەبات چ وەک یادەوەری، چ وەک یەکێک لە پێویستییەکانی دەرەوەی ئیرادە و زانست، ئەم حاڵەتە ئەگەرچی وەک ترادیشن و بەشێک لە موقەدەس کردنی مینۆلۆژیا و ئەزموون کردن لە دەرەوەی ئیرادە وەک جێماوە لە باب و باپیرانەوە، ئێستا لەکاتی بێ توانایی ئیرادە بەسەر هەر دیاردەیەکدا، ئەمە زیندوو دەبێت و دەبینرێت و دەسەلمێنرێت، نموونەی ئەو دارە گەورەیەی کە لەباخچەی گەورەی ماڵی پادشای دانیمارک بینیم،

ئەوەبوو کـــە ژن و مـــێـــردێکم بینی لەبن دارێک دانیشتبوون، دارەکە بە مەمەی منداڵ و گەمەکانی منداڵ هەڵواسـرابوون و دارەکـەی نەخـشـاندبوو، ژن و پـیـاوێک بەدەم شەراب خواردنەوەوە دانیشتبوون بۆ ئەوەی نیازیان بەجێ بگات و منداڵیان بۆ بمێنێ زۆر بە هیواوە دوعایان دەکرد بۆ ئەوەی منداڵێکیان هەبێت و بەخـتـەوەر بژین، لەکاتێکدا دانیمارک ئەو شوێنەیە کە لە ڕێگەی زانست و تەندروستییەوە هەموو کێشەکانی ئینسانی چارەسەر کردووە، بەڵام ئەم کولتوور و یادەوەرییە تا ئێستاش وەک کولتوورێک ماوەتەوە و بڕوایان پێی هەیە.

(مـردن پاشـای یادەوەرییـە)، ئەمـە وتەیەکی لەخـۆڕا نییـە، بەڵکو ئەزمـوونە لە ڕێگەی ئەو کـردارانەی بوونە بەچیـرۆکی دڵڕەقـەکـانی ڕابوردوو کـە لەنێـوان هێـزە شـەڕکـەرەکـاندا بەرپابووە، "سـەربازێکی ڕووسی لەدوا وێستگەی ژیانیدایە و گەمارۆدراون لەلایەن هێزەکـانی ئەڵمانیاوە، هیچ دەرەتانێکی دیکەی نامێنێ و نامەیەک دەنووسێت و لەنامەکەدا هاتووە کە ئێمە هەم لەخۆشترین کـاتێن کـە شـەڕ لەپێناو باوەڕدا دەکـەین و هەم دەبینە یادەوەری بۆ ئێـوە کـەنامـەکـەمـان دەخـوێننەوە، چونکە هەریەک لەو دێڕانە بە ڕاسـتگۆییـەوە نووسـراون، ئەم ڕۆژانە وەک پاشای مێژوو دەمێننەوە". (٦) لێرەدا مردن شـێـوەیەکی دیکەی پاشـایەتیـیـە بۆ ئەوانی تر، چونکە جێگە و ڕێگەیەکی تر لەمردووەکـانی تر داگیر دەکـات، بەو پێیەی بوون بە قوربانی بۆ ئەوانی تر، بەتایبەتی ئەو سـەربازانەی کـە لەدوای جـەنگ و لەدوای سـەرکـەوتن لەجەنگ کە نائاسایی ژیان و لەناخۆشترین ساتەوەختی نێـــوان ژیان و مـــەرگ و مـــان و نەمـــان بوونە، ئەو یادەوەرییـە چ وەک حـاڵەتە تراژیدیاکـە، چ وەک حـاڵەتە کـۆمـیـدیـیـەکـان، چ وەک لەدەسـتـدانی خـۆشەویسـتـان و هاوسەنگەرەکـانیـان، جوانتـرین وێنە لەزەینی بیـسـەرانی چیرۆکە یادەوەرییەکان دروست دەکات.

هەڵبـــەت ئەمـــە بۆ هەر هێـــز و هەر دەوڵەت و هەر ئایینێک هەمان بەهای خۆی هەیە بۆ ئەوانەی کە ماون، لەم بارەیەوە دەتوانین دەیان و سـەدان نموونەی نامـە و دوکیۆمێنت و چیرۆکی نەنووسراو بهێنینەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کـە مـردن، یان پاشـمـاوەی کـەسێک بۆ ئەوانی دیکەی کە ماون، دەبێتە یادەوەری، نموونەی ئەو نامانەی لەلایەن یەخسیرەکانی جەنگی نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و ئێـراق وەک یادەوەری تا ئێـسـتـا مـاوەتەوە، یان ئەو نامـانەی کـە لەزیندانەوە بۆ کـەسـوکـاری شـەهیـد و کۆچکردووەکان وەک یادەوەری ماونەتەوە.

بەشـێک لە یادەوەری شـیـعـرە، وەختـێـک ڕووداوەکـە کـۆڵەگـەی چیـرۆکی تێـدا نییـە و نابێـتـە چیـرۆک، وەک (فـردیناند ئەلکیـــیـــە) دەڵێ " چیت لەمن دەوێت ئەی یادەوەری، لەکاتێکدا خۆ جێگەم لەتۆدا نابێتەوە". ئەمە ئەو ساتەوەختەیە کە ئینسان ناتوانێ لەتێکستێکدا، یان لەچوارچێوەیەکدا پاڵەوان و شوێن و ڕووداو لەگرێچنێکی چیـرۆکـدا کـۆبکاتەوە، هەمـوو ئەوکـەسانەی کە بەهای یادەوەرییـــان لەلا نەمـــاوە، یان لانی کـەم سـۆزیان بۆ ڕابوردوو وەک نۆسـتـالیـژیا نییـــە، یان غـائیب، واتە نائامـادەن، بۆیە ئێـستـا بەشـێـوەیەکی دیکە لەنێـوماندا ئامـادەن، یان ئەوەیە کە دوور نییـە کـەسـێک بێت لەو کـارەکتـەرە ئەفسـانەییـانەی کـە لە دنیـای دۆنای دۆنەوە جارێکی تر هاتوونەتەوە.

"ناکرێ و قـورسە کە ڕابوردوو وەک خـۆی بمێنێـتـەوە، ناشکرێ وەک کـەرەسـتـەی مـاڵ چۆن کـۆن بـووە و بووەتە بەشـێـک لەیادەوەری، بەڵام مـردوویەکی زیندووە بەبێ گـوتن، ئەمـە ئەو وێنەیەیە کـە لەگـەنجینەی مـێـشکدا هەندێک جار کاری پێ دەکرێت، بەڵام ستـایلی ڕابوردوو گرێدراوی ئەو شتانەیە کە لەهەڵوێست و هۆشیارییەکدایە کە ئیلهامی لێوەردەگرین، بۆیە هەمـوو ئەو شتانەی درکی پێ دەکەین و هێشتا نەهاتوون لە زەمانی ئێستـادا هەیە کـەتێـیـدا دەژین، هەمـوو وێنەکـانی ڕابوردووش هەمـان وێنەی ئێـســتـــان، کـەوابوو یادەوەرییـــمـان تەنیـا بۆ ڕابوردووە، بۆیە ڕابوردوومان دەکات بە ئێـستا، ئەمە ئەو ناهۆشیارییەیە کە لەساتەوەختێکدا وەک مردوو کارمان پێ دەکـات". (٧) هەر ئەو یادەوەرییـەیە کـە وامـان لێ دەکات لە بەرانبەر کەسێکی مردوو و لەدەست چوومان لە مەراسیمەکانیان ڕێگە لەژیانی ئێستامان بگرێت، ئەم حەسرەتە لە دڵ و مێشکی ئامادەبوویەکدا نەبێت، چۆن کەسێکی نائامادە و مردوو لەئێستادا دەتوانێت ڕێگە لە سـتـایلی ژیان بگرێت، ئەمـە ئەو حـەسرەتەیە کـە عـەقڵ بەتێگەیشـتنی جیـاواز لە ڕوانین بۆ مـردن و ژیانێکی تر بەشداری دەکات، هەر کەسێک بتوانێ، یان ئیرادەیەکی قورس بەسەر خۆیدا زاڵ بکات و لەو تێگەیشتن و فەزایە دوور بکەوێتەوە، بەشێک لە ڕوحیەتی ئینسانی لەدەست

دەدات، جا با ئەو لەدەستچووە ئینسان، یان ئاژەڵ، یان درەخت، یان هەر بوونەوەر، یان شتێکی تر بێت کە لەدوای ڕۆیشتن و لەدەستدانی بووە بە یادەوەری و حەسرەت لەدڵ و مێشکدا.

گومان یادەوەری سۆزە بۆ ڕابوردوو، ئەمە باوەڕێک نییە کەسێک بڕوای پێی هەبێت و کەسێکی تر بەناوی جیاوازییەوە لە سروشتی بوونی ئینسان و ئیرادەگەرییانە، پێمان بڵێ من سۆزم بۆ ڕابوردوو نییە، چونکە ئینسان کائینێکی کۆمەڵایەتییە و بەبێ ئەوانی تر و دەوروپشتی بوونەوەرێک نییە ناوی ئینسان بێت، کەواتە حاڵەتەکە کۆمەڵایەتییە و ڕەتکردنەوەی زەمەنی ڕابوردووە وەک یادەوەرییەک، ویستێک مەحاڵە کە مانای ڕاگرتنی سەیرورەی زەمەنی کۆمەڵایەتییە کە ئەمە نوکتەیە و ناکرێ و سروشتی نییە، تاکو بۆ خوێندنەوەی زەمەنە ئێستایی و ڕابوردووەکانی ئینسان کەڵکی لێوەربگرین.

### مردن لەنێو زماندا

ئەوکاتەی زمان دووچاری دەستەوەستانی دەبێت، واتە زمان مرد، ئەوکاتەش کە مردن لەنێو زماندا مانایەکی بۆ نادۆزرێتەوە، واتە جەستە لەبەردەم مردندایە، ئەم کێشەیە تا ئێستا یەکلایی نەبۆتەوە مەگەر لەنێو تێزە ئەدەبییەکان و ململانێی ئەدیب و دانەر و تێکست نەبێت، ئەوکاتەی کە ژیان دەکەوێتە مەترسییەوە نیسبەت بە گشت و تەنانەت بۆ تاکیش، ئیدی زمان جگە لە کڵۆڵی، قودرەتێکی نامێنێت مەگەر گێڕانەوەی یادەوەرییەکان، یان پیاهەڵدان و دەربڕینی سۆز بۆ ئەو کەسەی یادەوەری جێ دەهێڵێت کە مەبەست لە کەسی مردووە، ئەوە زمانە کە بەشێوەیەک مەرگ دەردەبڕێت و دڵێ مەرگ، واتە گەڕانەوە بۆ توخمی ڕەسەنی بوونەوەری لە بەرد، یان لە قوڕ دروستکراو، ئەگەرنا کوا، لەکوێ ئەم لۆژیکە جێگەی دەبێتە ئینسان لە قوڕ و بەرد دروست کرابێت، بەتایبەتی ئێستا کە تەکنۆلۆژیا و زانست هەموو شێوە دروستبوون و جیناتێکی ڕەسەن و ناڕەسەنی ئاشکرا کردووە.

دروستکردن و گێڕانەوەی داستان بەزار، هەروەها قایل بوون بەوەی بمرێ بۆ ئەوەی ئەوانی تر بژین، ڕەنگە مەبدەئێکی ئایینی، یان سیاسی، یان ئیدیۆلۆژی سەرمەستانەی تێدابێت تاکو پلەی دەروێشی، بەڵام بیرکردنەوەکە لەزمان بترازێ شتێکی تری واقیعی نییە، هەر بۆ نموونە ئەو کاتەی کە مەسیح لە بێ دەسەڵاتیدا بانگی خودا دەکات، بە تەنیا و بەبێ کەسی بەجێی نەهێڵێت، مەبەستی ڕزگارکردنی بووە لەوانی تر، بەڵام بەزمان، ئەگەرنا خۆ مەسیح دەیزانی مردن لەهەموو کاتدا بەدەست خودا نییە، چونکە ئەو بێ ئومێدییەکی دروست کردووە بۆ ئەوەی ئینسان بەئومێدەوە بۆ دنیایەکی تر بژی.

### تازیە (ماتەم)...
### ڕاوەستانێک بۆ مردن

تازیە.. ماتەمینی، ناوێکە بۆ کۆبوونەوەی ئەو کەسوکار و خەڵک و دۆست و ئازیزانەی کە بۆ مردوو ڕێکی دەخەن، سرووتێکە هەم ئایینی و هەم کۆمەڵایەتی، ئایینییە، چونکە فەرز وایە مردوو کە ڕۆیشت دەبێ لاشەکەی وەک مەخلوقی خوا ڕێزی لێ بگیرێت و ماتەمی بۆ بگێردرێت و دوعا و نوێژی بۆ بکرێت، ئیدی هەر ئایینێک بەگوێرەی نەریتێک کە بۆی دانراوە، لە لایەکی ترەوە کۆمەڵایەتیشە، چونکە لەدوای مردنی کەسێک هەموو ئەوانەی ناسیاون لە کەسی نزیکی مردووەکە کۆدەبنەوە، نەک لە لاشەی مردووەکە، شاردنەوەشی بۆ ژێر زەوی بێت، یان سووتان، یان فڕێدان بێت بۆ ناو ئاو هەر جۆرە سرووتێک بێت، سەرەنجام بەسرووتێکی کۆمەڵایەتی سازدەکرێت.

لەپرسەدا تەنیا ڕێزگرتن بۆ کەسوکاری مردوو نابینرێت، بەڵکو زیندووکردنەوەی جۆرە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیشە، جگە لەمەش زیندووکردنەوەی یادەوەری و ڕۆژەکانی کەسی نائامادەیە وەک نۆستالیژیایەک بۆ کۆتایی ژیان کە پنتێکی سڕکەرە بۆ ئەوانەی لەدوای مردوو ماون، بۆیە لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لێخۆشبوون لەهەر شتێک هەیە، تەنیا ئامادە نەبوون لە تازیە نەبێ، چونکە بەچەند لێکدانەوەیەک پێناسە دەکرێت، یان ئەوەتا دڵخۆشە بە لە دەستدانی کەسە مردووەکە، یان ئەوەتا گەرەکیەتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکە بپچڕێنێت، یان ئەوەتا کەسێکی بێ باوەڕە بە ئایین و بە سروشتی کۆمەڵایەتی کە بەشێکە لەنەریتی پێکەوەژیان و لێبووردەیی.

هەندێک پرسە هەیە لە چەشنی شایی و ئاهەنگ دەچێت، ئەم سرووتە لەنێو ئەو کۆمەڵگە و تیرانە باوە کە دوژمنیان هەیە و ناهێڵن دوژمنەکانیان بە لەدەستدانی کەسێکیان بەتایبەتی پاڵەوان بێت، دڵخۆش بن، بەمەش دەستدەکەن بە شایی و هەڵهەلە لێدان و شیرینی بەخشینەوە و ونکردنی ماتەم بۆ ئەوەی هەواڵەکە نەگاتە ئەوانی دیکەی دوژمن، یان لانی کەم هەواڵی مەرگی مردوو، یان کوژراوەکە وەک پاڵەوانێک و کەسەکەشی وەک خۆڕاگرێک بەلایەنەکەی دیکە بگات، بەتایبەتتر ئەگەر کەسە مردووەکە بەدەستی لایەنەکەی دیکە کوژرابێت، ئەم سرووتە لە گەرمیانی کوردستان هەیە، بەتایبەتی لەناوچەی کرماشان و خانەقین و جەلەولا و باجەلان و... تاد. وەک سۆسیۆلۆژییەکانیش باسی دەکەن لە کولتووری بەشێک لە کۆمەڵگەی هیندستانیش هەیە، ئەم تێگەیشتنە لەمێژە هەیە بۆ بەرپەرچدانەوەیەکی مەعنەوی دوژمن کە گوزارشتە لەوەی کۆڵ نادەن و بەردەوامن لە دوژمنکاری و دەستشکانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە.

ئایین لایەنێکی دیکەی زیندووڕاگرتنی پرسەیە کە فەزایەکی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێ، لێرەدا دەردەکەوێ کە ئایین پێگەی سەرەکی لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتییە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایینەکان، مەبەستم لە هەموو ئایینەکانە کە لە ڕێگەی ماتەم و گۆڕستان و مەراسیمی ئایینیی بۆ مردووەکە کەڵک وەردەگرن، ئەم بنەمایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنیا کولتوورێکی کۆمەڵایەتی نییە بۆ خۆ بەرهەم هێنانەوە، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسیش گەرەکیەتی لە ڕێگەی ئەو مەراسیم و بنەمایە کۆمەڵایەتییە کە لەسەر جەستەی ونبووی کەسێکی مردووەوە، خۆیان بەرهەم دەهێننەوە و جارێکی تر بەهایەکی دیکە بەژیانێک دەدەن کە خۆیان بۆ مەرامی خۆیان بەرهەمیان هێناوە.

بۆچی بایەخ و گرینگی بە ناشتنی مردوو دەدرێت بۆ نێو گۆڕ و بۆ ژێر زەوی، ئەمە ئەو پرسیارەیە کە وەک ئەوەیە چی لە مردن بکەین کە دوای لەدەستدانی کەسی مردوو، جەستەکەی چی لێ بکرێت، ئەو ئەفسانەیە لەبەر دەستە کە دوای کوشتنی قابیل لەلایەن هابیلەوە، دواجار نازانێت چی لەو جەستەیە بکات، ئەو دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر کە هیچ ڕێگەیەکی چارەسەری بۆ لاشەکە نەبوو، دواجار بە زەیی خودا قەلەڕەشێکی بۆ نارد کە چۆن لاشەی براکەی لەژێر خۆڵدا بشارێتەوە، گومانی تێدا نییە بکوژەکە بەرلەوەی قەلەڕەشەکە ببینێت، زۆر پرسیاری بەخەیاڵدا هاتبوو، ئەو پرسیارانەی کە سەرچاوەکەیان وەستانی بووە لەبەردەم لاشەیەکی بێ گیاندا کە بێ جووڵە لەسەر زەوی کەوتووە، ئەم دیمەنە کوڕەکەی ئادەمی تۆقاندووە، دوای ئەوە بیر لەوە دەکاتەوە بەهۆی ئەو تاوانەوە کە شتێک لەو لاشەیە بکات و وەک خۆی جێی نەهێڵێت و بەئەنجامی کەمتەرخەمی و ڕێکەوتەوە، لەئەنجامدا مرۆڤ فێری ئەوەبووە لە ڕێگەی بەخاک سپاردنەوە مامەڵە لەتەک لاشەی مردوودا بکات". (٨). ئەم شیکارییە ئەگەرچی بەشێکی ئەفسانەیە و ئایین پشتی پێ بەستووە، چونکە تا ئێستاش کە عەقڵ و تەکنۆلۆژیا هەموو سنوورەکانی دنیای بڕیوە و کولتووری جیاواز بۆ شاردنەوە هەیە، یان بزرکردنی لاشەی مردوو، بۆیە شاردنەوەکە ئەزەلی نییە، بەڵکو لەدوای عەقڵێک هاتووە کە ئینسان بۆ ئەوەی خۆی نەبینێ ببێت بە خۆراکی جرو جانەوەر و دڕندە، چونکە لەهەموو حاڵەتێکدا بکوژیش، کوژراو بە پارچەیەک لە خۆی دەزانێ، بەو پێیەی کە سەرەنجام ئینسانە، ئینسان دەکوژێت، بۆیە ئینتیمای بۆی هەیە کە تەنیا ناکۆکی جودای لێی کردۆتەوە.

## شەهید وەک ئاکتێکی ڕیالیستی

مەسیح، یان پاڵەوانەکانی نێو مێژوو کە بەڕێوڕەسمی زۆر دڵڕەقانە کوژراون، یان بە ناهەق کوژراون، یان بەهەڵە کوژران، یان لەپێناو مەبدەئێکی دروستکراو لەلایەن دەسەڵات هاندراون بۆ گیانفیداکردن، نازناوی شەهیدیان بەرکەوتووە، بەتایبەتی فیگەرێکی وەک مەسیح کە هەمیشە لەزەینی کەسی ئیماندار، یان کەسانی سۆزدار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیندووە، هەمیشە لە تێگەی ئێمەدا هۆکارێک بۆ مردن شەهیدبوونە، چونکە فیگەرێکی زیندووی زەینی نیشتیمانپەروەری و شۆڕشگێڕی و پاڵەوانی چیرۆکی کۆمەڵایەتییە، ئەم فیگەرە ئاکتێکی زیندووە بەو پێیەی کە وێنەی لەسەر تابلۆ و دیوار و ئەو شوێنانەی کە ئایدیۆلۆژیا پیرۆزی کردووە، لەکاتێکدا هەر خودی ئەم چەمکی شەهیدە دژی ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە گیانی بۆ

بەخت دەکرێت، ئەفسوونی ئەم چەمکە کۆمەڵایەتییە کە بەنەمانی جەستەی کەسێک تەواو دەبێت و لە زەینی خەڵک و بەجێماوەکانی دوای شەهید هەمیشە زیندووە، وێنەی بوونێکە لەمردووەکانی دیکە زیاتر بەهای هەیە، زیندووترین نموونەش عومەر موختار و قازی محەمەد و شێخ سەعیدی پیران و عەبدولقادر جەزائیری و عەبدولڕەحمان قاسملو و شەرەفکەندی و هاوڕێ فەهد و هاوڕێکانی دیکەی حزبی شیوعی و دەیان نموونەی دیکە هەیە.

شەهید زاراوە، یان چەمکێکی ئایدیالی (میسالییە) و مەبەست لەدابینکردن و مسۆگەرکردنی دنیایەکی دیکەی دەرەوەی واقیعی ژیانی ماتریالییە، بەمانایەکی تر، شەهید ئەو بوونەوەرە زیندووەیە کە دنیایەکی لە خۆشی مسۆگەر کردووە و بەهەشتێک کە هەمووان هەوڵی بۆ دەدەن و بەدەستهێنانی ئاسان نییە، پیرۆزکردنەکەشی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە وەک سیمبۆل تەماشا دەکرێت تاکو ببێتە مۆدێلێک بۆ هەمووان.

"شەهادەت وەک کۆتایی تێکست وایە، وەک ئەو خاڵە وایە کە دواجار لەکۆتایی قەسیدەیەکدا دایدەنێین، واتە کۆتایی تەعبیر و سەرەتای بێ دەنگییە، ئەو کۆتاییە، شەهید هەموو شتەکانی خۆی دەڵێت، ئەو هەڵوێستێکی دیاریکراومان بە ئیرۆس بۆ جێ ناهێڵێت، بەڵکو ئەو چییەتی و چۆنیەتی مرۆڤمان بۆ بەرجەستە دەکات، کاتێک هەڵوێست وەردەگرێت، ئەو لەبری ئێمە حوکم ناکات و لەبری ئێمە حوکم نادات، بەڵکو ئەو لەبری ئێمە دەمرێت، بۆیە دەبێت شەهید لە قوربانی جیابکەینەوە". (٩) ئەوەی کە لە ڕێگەی شەهادەتەوە بۆ ئێمە بۆتە بەهایەکی جیاوازتر لە قوربانی و مردنی ئاسایی و مەرگی سروشتی و جۆرەکانی دیکەی کوشتن و مردن، ئەوەیە کە شەهید ئارەزوومەندانە و بەویستی خۆی ئەو چارەنووسە هەڵدەبژێرێت و مێژوویەک تۆمار دەکات کە بۆجێماوەی کولتوورێکی دیکەی نەتەوە و ئایینە کە ئیدیۆلۆژیا ئاسمانییەکان مانای قووڵیان پێ بەخشیوە و قەناعەتی بۆ گشت دروست کردووە کە شەهید نامرێ، ئەگەرنا هیچ کات ئینسان بیر لەوە ناکاتەوە لەجیاتی ئەوانی دیکە بمرێت تاکو بمێنن، یان بیر لەوە ناکاتەوە بە ئیدیۆلۆژیای جیاوازەوە کە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئایینە، قەناعەت بکات شەهید بێت و پاداشتی شەهادەت وەربگرێت، بۆیە بەپێی فەلسەفەی بوون بەرەو نەبوون، هەمان مردنە، بەڵام شەهید مانایەکی دیکەی مردنی کۆمەڵایەتییە و هیچی دیکە.

مردنێکی دیکە هەیە کە هەر ناوونیشانەکەی شەهیدە و ئاماﻧﺠەکەش لەلای خودی مردووەکە شەهیدە، مانای شەهیدی ئایین، یان نیشتیمان نادات، چونکە کەسەکە لەپێناو ئەوانی دیکەی هاوولاتی مەرگ هەڵدەبژێرێت، "مردن لەجەنگدا تەنیا بۆ نیشتیمان و بۆ خودا نییە وەک ئەوەی لەسەردەمی شەڕی سەڵیبیدا واتە (خاچ پەرستی) هەبووە، بەڵکو مردنێک بووە لەپێناو ئەو هاوڕێیانەی کە پێشتر خۆیان بەخشیوە، یان شەهید بوون، تەنانەت ئەوەی دژی دوژمنیش، یان کافر بوونە، بەشێوەیەک لە شێوەکان لەپێناوی خودا ئەو ناوونیشانەیان پێ داوە، هەروەها ئەوانەش کە لەدوای جەنگ مردن، مردنەکەیان لەپێناو نیشتیمانەکەیان نەبووە، بەڵکو قەناعەتێک بوو کە چاکەکەری بووە بۆ نیشتیمان وەک جەستەیەکی ڕوحانی، هەڵبەتە خوشەویستی لەپێناو نیشتیمانیش وەک جەستەیەکی ئەخلاقی و سیاسی بۆ هاوولاتیانی دیکە بووە، ئەم زاراوەیەش بۆ جەستە زاراوەیەکی ڕوحانییە و مردنیش لەپێناو ئەو دۆزە بەپیرۆز زانراوە". (١٠)

با وەها تەماشای ئەو جۆرە مەرگە بکەین کە لەلای ئایینێکی دیکەی دەرەوەی ئایینەکانی ڕۆژهەلات، کەسێک لە پێناو نیشتیمان خۆی بەکوشت دەدات، بەناوێکی وەک قوربانی، یان گیانفیدا هاتووە، دیسان ئەم مەرگە لە مەرگەکانی دیکە جودا دەکرێتەوە، بەمانای ئەوەی کە لەپێناو بەهایەکی دیکەی ژیان بۆ مانەوەی ئەوانی تر گیانی بەخت کردووە، لێرە تەنیا زاراوەکە جودایە، نەک شێوەی تێڕوانینی ئیدیالەکە بۆ کەسی مردوو، ئەم ڕێگە نەمرییە کە لەبنچینەدا کەسی مردوو هەڵی نەبژاردووە، بەڵکو دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژی، یان دەسەلاتی سیاسی نیشتیمانی کە گوایە لەپێناو پاراستنی دەوڵەت و نیشتیمانە خۆی بەکوشت داوە، نازناوێکی وەهای پێدەدرێت کە ئەوانی دیکەی هاوولاتی، وەک چاولێکەرییەک، یان لاساییکردنەوەیەک، یان کۆمەک کردنێک، یان هەوڵێک بۆ گەیشتن بەهەمان شوێنی داهاتووی ژیانی خەیاڵی، یان

خۆ موقەدەس کردنیان و بەرز ڕاگرتنی خانەوادە و خۆبەخت کردن لەپێناو ژیانێکی ئاسوودە بۆ ئەوانەی لە پاش شەهید، یان گیانفیداکە دەمێننەوە، لێرەوە ئیمتیازی شەهید وەک مولکییەتێک، یان جێماوەیەک بۆ ئەوانی تر چۆن زیاتر لە تێگەکانی دەوڵەت دەبێتە جێگەی شانازییەکی کوژراو بە شەهید لەقەڵەم دەدات و ئەوانی تر بە کوژراو، یان کوفر، یان مردوویەکی ناحەز و ناشیرین، ئەمە ئەو مۆدێلە ئایینییەیە کە لەئەنجامی خۆ بەهەق زان و ئەوانی تر بە ناهەق سەرچاوەی گرتووە، هەڵبەت ئەم تێگەیشتنە تەنیا لە ڕۆژهەڵات نەبووە، بەڵکو لە ڕۆژئاوا و لە مێژووی ئیمپراتۆریەتییەکانیشدا هەبووە کە لە ئەنجامی کوشتنی سەربازێک، یان گرووپێک لە سەرباز، جۆرێک لە دەمارگیری خولقاندووە و بووەتە ورەیەک بۆ ئەوانی تر تاکو گیانیان فیدابکەن لەپێناو ئەو پرەنسیپەی کە هەڵگرین، یان جەنگی لەپێناو دەکەن، بەمەش شەهید دەبێت بە شوناسێکی کراوە بۆ سەرباز و جەنگاوەرەکانی دیکە کە ئامادەی جەنگن لەپێناو پرەنسیپی ئیدیۆلۆژی، یان دەوڵەت، یان ئایین و... تاد.

ئەوە ئاشکرایە کە شەهید نازناوێک نییە بۆ ئەو کەسەی هێشتا نەمردووە، بەڵکو چەمکێکە بۆ هاندانی هەمووان تاکو بەو ویستگەیە بگەن، یان ئەو پلەیە، ئیدی بۆ ئەوانی دیکەش کە بەچاوی خۆیان ئازیزترین کەس دەبینن بەدەستی نەیار و دوژمنەکانیان دەکوژرێت، گەرەکیانە ئەو نازناوە بەدەست بهێنن، بەو عەقڵیەتەی کە ئەوان نازناوەکە بەگوێچکەی خۆیان دەبیستن کە هێشتا لە ژیاندا ماون، ئەم حاڵەتە لەسەر وەختی زۆربەی شۆڕشەکانی دنیادا مەسەلە و چیرۆکێکی زیندووە کە بۆتە چیرۆکی ئەدەبی. لەسەردەمی شۆڕشەکانی کوردی بەیەکجاری بووە بە فاکتێکی ڕەسەن و قەناعەتێک کە دایک و باوک و هەمووان گوێ بە لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان نەدەن و بەو هیوایەی شەهید بن هانیان داون تاکو شەهید بوون، ڕەنگە کەسی کوژراو هەر بەو ئامانجە چووبێتە بەرەی جەنگ، هەروەک ئەوەی لە شۆڕشەکانی کورد و لە جەنگی فەلەستین و لە شەڕی ئێراق- ئێران بەهەردوولایانەوە هەمان تێگەیشتن بۆ گیان فیداکردن هەبووە.

ئێمەی ڕۆژهەڵاتی و کورد بەتایبەتی، شاهیدی مەرگی جۆراوجۆرین، ڕەنگە ئینسانی ئاسایی هەر ئەو جۆرە مردنە ببینێ کە ئینسان ژێرخاک دەکرێت و دەشاردرێتەوە، بۆیە جۆرێکی تری مردن هەیە لەنێوان کەسی ئاسایی و کەسی نائاسایی یەکلایی نەبۆتەوە، بۆ نموونە مەرگی پێغەمبەران و چاکەکاران و فەیلەسووفان و عارفان، مەرگێکی نائاساییە، ئەم جۆرە مەرگانە هۆکارێکن بۆ جوانکردنی مانای مەرگ و بەپێچەوانەوە هۆکارێکن بۆ جوانکردنی مانای ژیان.

جوانکردنی مانای مەرگ لە تێڕوانینی ئەو کەسانەوە هاتووە کە وەک وانەیەک تەماشای ئەو مردنە دەکەن، گوایە مردنەکە شێوەیەکی ئەخلاقی وەرگرتووە بۆ ئەوانەی لەپاش مردووەکە جێ دەمێنێ، حەزی مردن لێرەدا دەبێتە حەزێک وەک ژیانێکی نوێ هەوڵی بۆ دەدرێت، هەڵبەت وشەی چاکەکاران مانایەکی ئایینی و (میسالی) ئیدیالی وەرگرتووە، ڕەنگە بۆخۆی چاکەکار مانای جیاوازی فەلسەفی و مانای کۆمەڵایەتی هەبێت، بەڵام لێرەدا واتە ئەو کەسانەی کە کێشەیان بۆ کەسانی پاش خۆیان نەبووە، هەرچی قسەی باش و نەستەق و ئامۆژگاری و وانەیە گوتوویانە بۆ خەڵک و کردوویانە بە مۆدێک تاکو لاسایی بکرێنەوە و ژیان جوان بکرێت، بەپێچەوانەشەوە مردنیش وەک شێوەیەکی دیکەی جوانی ژیان بێت، ئیدی ئەوان وەک فەیلەسووف خەمی ژیانێکی باشتر بوون بۆ تەواوی ئینسان کە هێشتا تێنەگەیشتوون مانای کرۆکی ژیان چییە، تاکو تێ بگەن مانای مەرگ چییە و بۆچی کەسێک لەنێوماندا لەپڕێکدا نامێنێ و دەبێتە یادەوەری، ئەمە کۆجیتۆیەکە بۆ جوانکردنی شێوەی ئەو مردنەی کە بەخاکی و سادەیی دەبنە مانای مەرگێکی ئاسایی.

مەرگی نائاسایی وانەیەکی دیکەیە بۆ ئەو کەسانەی کە هێشتا لەبەهای ژیان و ژیاندۆستی بۆ بیرکردنەوەی ئینسان تێڕوانینیان لاواز و کەم بایەخ و بێ نرخە، بۆ نموونە ئەو شێوە مردنەی کەسێک بەر هەورە برووسکە دەکەوێت، یان ئەو کەسانەی کە بوونە قوربانی مەرگی بە کۆمەڵی وەک تسۆنامی و بوومەلەرزە کە هەردووکیان ڕووداوی سروشتی بوون، واتە مەرگی سروشتی بەکۆمەڵ کە هێشتا ئینسان بەو شێوەیە بیری لێ نەکردۆتەوە، ئەم نائاسایی بوونە بۆ مەرگ، شێوەیەکی دیکەی جوانکردنی ژیانە کە چۆن بیر بکەینەوە ئیدی سروشت و

توورەبوونەکانی لەسەرووی هەموو حەز و ئارەزوویەکەوە بۆ مەرگدۆستی، خۆشەویستی بۆ مەرگ لێرەوە دەست پێدەکات بۆ ئەوانەی دەیانەوێ باش بژین بۆ ئەوەی جوان بمرن بۆ دنیایەکی تر پاداشت وەربگرن.

مەرگی ئاسایی ئەو مەرگە ناشیرینەیە کە خەڵک هیچ مانایەکی بۆ نادۆزنەوە کە بۆچی ژیا، چونکە مەرگ موستەحەقی ژیانیان بووە، سا با سزا بێت، یان خۆڕسک، نموونەی جەللاد و پیاوی خراپ و... تاد. لێرە مەرگ بەرهەمهێنەری ژیانە، چونکە پەیامەکە تێکۆشان بووە بۆ ژیان و کاریگەری هەبووە، تاکو تاکەکە لەپێناویدا بمرێ، ناوی قوربانی و پێشمەرگە و گەریلا و خۆبەخش و... تاد لەوێوە هاتووە کە مەرگیان پێش مەرگی خەڵک خستووە و خۆیان کردووە بەقوربانی گشت، ئەم بابەتە مەبدەئی و باوەڕی ئایینی و ئیدیۆلۆژی سیاسییە، بۆیە جوانکردنەکە تەنیا لەکن کۆمەڵێک خەڵکی سەر بەو باوەڕ و ئایین و ئیدیۆلۆژیایە دەمێنێتەوە کە نەمرن.

**سەرچاوە:**


**١- د. ئەمەل مەبروک. فەلسەفەی مردن لە فیرعەونەوە تا لاکان، وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئارام ئەمین شوانی، بلاوکراوەی کتێبخانەی فێربوون، ساڵی ٢٠١٥، ل١٩٢.**

**٢- د. سەبور عەبدولکەریم (شکار). چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا، زنجیرە بلاوکراوەکانی دەزگای غەزلنووس، ساڵی ٢٠١٤، ل٣٥١.**

**٣- جاک شورون، الموت في الفكر الغربي.. ترجمة. كامل يوسف حسين. مراجعة و تقديم. امام عبدالفتاح امام، سلسلة الكتاب عالم المعرفة. ل٦٨.**

**٤- فاوست. جيتة. اعمال خالدة ٣. ترجمة. د. عبدالرحمن بدوي، منشورات دار المدى، الطبعة الثانية، ٢٠٠٧، ص٥٢٨.**

**٥- داهێنان و مەرگ. سەلاح حەسەن پالەوان، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی ٢٠٠٢، ل١٨.**

**٦- جميل عبدلله. الموت و الانبعاث و الخلود، من ذكريات جيش الاحمر في الحرب العالمية الثانية.**

**٧- التوق الى الخلود، فرديناند الكيية، ترجمة سنا خوري، منشورات طريق المعرفة، سنة ٢٠٠٩، ل٣٢.**

**٨- بوساحە ئەحمەد، مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە، وەرگێڕانی بۆ کوردی، دانا مەلا حەسەن، بلاوکراوەکانی ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە. چاپی دووەم، ساڵی ٢٠١٦، ل٥٥.**

**٩- چێژی مەرگدۆستی. بەختیار عەلی. ناوەندی ئەدەب و هونەری ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، ساڵی ٢٠١٥، ل٢٦٥.**

**١٠- جان توشار، بمعاونة لويس بودان وبيان جانين وجورج لافو وجان سيرينلي، تاريخ الفكر السياسي، ترجمة: على المقلد. الدار العالمية للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٨١، ل١٨٩.**